# هۆ و زیانەکانی جیرە کردنی بەنزین لە ئێران

نووسینی یەزدان حاجی هەمزە
وەرگێڕ: بێهرۆز

بەشی دووهەم و کۆتایی

لەباسەکەی رابردوو دا بۆمان دەرکەوت کە رژیمی ئێران بۆ بەربەرەکانیٚ لەگەڵ ئەگەری ئابلۆقە دانی لە مەڕ هێنانی بەنزین و هەروەها بە مەبەستی پێشگرتن لە کەم بوونەوەی هەناردەی نەوتی خاوی ئێران، دەیهەویٚ کەمکردنەوەی بەنزین بە زۆر بەسەر خەڵك دا بسەپێنیٚ. شێوەییێك کە بۆ جیٚ بەجیٚ کردنی ئەو مەبەستە لەبەر چاویان گرتووە،بە جیرەکردنی بەنزین بۆ خەڵك و هاوکات گران کردنیەتی. ئەو بڕیارە بەهەر شێوەییێك بەرێوەببردریٚ، لەسەر هەڵاوسانی ئابووری لە ئێران و سەرەوەچوونی نرخەکان و ژیانی خەڵك کاریگەری دادەنیٚ و دەتوانیٚ لەگەڵ دژکردەوەی موچەخۆرانی ئێران بەرەورووبێتەوە. دەزگای ئەمنیەتی دەوڵەتی پاسدارەکان رۆژەکانی کۆتایی مانگی بانەمەڕ و سەرەتای جۆزەردان لەگەڵ نارەزایەتی کۆمەڵگا بەرەورووبۆتەوە. لەگەڵ ئەوەش دا، چونکە کەم کردنەوەی زۆرەملەی مەسرەفی بەنزین گریٚ دراوە بە قازانجی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیٚ وە، دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد ناتوانیٚ ئەو مەسەلە لەوە زیاتر دوابخات. بە پێی راپۆرتی سەرچاوەکانی حکوومەتی، ئەو دەوڵەتە لە هەولی ئەوە دایە بە گۆڕینی پەسەندکراوی مەجلیس لەبارەی جیرە کردنی بەنزین، بۆ نەهێنانی بەنزین لە دەرەوە ئامادە بکات و بە دابەش کردنی نادروست رادەی مەسرەفی بەنزین بگەینێتە ڕادەی بەرهەم هێنانی پاڵاوت گاکانی ناوخۆیی، کە وەڵامدەری نیوەی مەسرەفی هەنوکەیی نییە.

رۆژنامەی سەرمایە لە زمان دانشیار، سەرۆکی کومیسیونی وزەی مەجلیس رایگەیاند کە ٢٠٠ نوێنەر بە پێچەوانەی پەسەندکراوی خۆیان لە یاسای بودجەی ساڵی ١٣٨٦، پشتیوانیی خۆیان لە لیترێك بەنزین بە نرخی ١٠٠ تمەن و هەروەها بە شێوەی فرۆشی ئازاد راگەیاندوە. ناوبراو بە راگەیاندنی ئەو هەواڵە زیادی کرد، هۆی ئەوە کە دەوڵەت تا کۆتایی بانەمەڕ و بە پێی پەسەند کراوی مەجلیس پێشنیاری نرخی ئازادی بەنزینیان بە مەجلیس نەداوە، چراییێکی سەوزە کە لە لایەن نوێنەران لەبارەی پشتیوانی کردنیان لە نرخی تەك ژمارەیی بینراوە. دانشیار زیادی کرد، قەرارە لەداهاتوویێکی نزیك دا گەڵاڵەییێك لەلایەن دەوڵەت بە مەبەستی یەك نرخ کردنی بەنزین بدریٚ بە مەجلیس و پەسەند بکریٚ. جیرەبەند کردنی بەنزین بۆ رژیم بۆتە زەرورەتێکی ئەمنیەتی و دەبیٚ ببینین کە بەرێوەبردنی ئەو بڕیارە چ زیانێکی بە دوا دا دیٚ.



### الف) زیانی ئابووری

رۆژنامەی سەرمایە لە زمان هەواڵدەری کومیسیونی وزەی مەجلیس لەبارەی بەراوردی نوێنەری بانکی جیهانی لە کاریگەری گران کردنی نرخی بەنزین بۆ زیادبوونی هەڵاوسان لە ئیران نووسی، بە بیرو بۆچوونی ڕاوێژکاری جیهانی ئەگەر نرخی بەنزین هەر لیتری بگاتە ٢٠٠ تمەن،٦/٤ لەسەدی گران بوونی نرخی شت و مەکەکانی بە دوادای دێت. بەرەوسەرچوونی نرخەکان بە هۆی گران کردنی بەنزین، لەهەڵ و مەرجێك دا بەسەر خەڵکدا دەسەپێندرێت کە ئیدیعای ئەمنیەتی کە دەوڵەتی پاسدارەکان لەماوەی ٢ ساڵی رابردوو دا بە پوولی نەوتەوە بوویانە، لەم ساڵ دا شوێنەواری هەڵاوسان خۆی زیاتر دەردەخا. ئەو خەرج کردنی پووڵە جیاوازە لەو پووڵەی کە لە داهاتی نەوت بۆ بودجەی ساڵی ٨٥ بەراورد کرابوو. بە پێی راپۆرتی وەزارەتی ئابووری و دارایی و سازمانی مودیریەت و بەرنامەرێژی، کۆی ئەو پووڵەی دەوڵەت لە حسابی پاشەکەوتی دولارەکانی نەوتی خەرج نەکراوی ساڵەکانی پێشوو، لەساڵی ١٣٨٥ بە زیاتر لە ١٢٤ هەزار ملیارد قڕان واتە (١٥/٧٧) میلیارد دولار گەیشت. بە پێی لێکدانەوەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی مەجلیس لە ساڵی ١٣٨٦ دا بە هۆی زۆربوونی قڕان و گۆرینەوەی بە دولاری نەوت لە بازاری پوول، رادەی نەخدینەگی قڕانی لەو بازارە دا بە زیاتر لە ٤٣ لەسەد زیادی کردووە و لە ژێر کاریگەری ئەوە دا نرخی هەڵاوسان دەگاتە ٢٣/٣ لەسەد. تەنانەت ئەگەر ئەو لێکدانەوانەش کە لانی کەمەکەی لەبەرچاو بگرین و بیکەینە بەڵگە، وێرای حسیب کردنی هەڵاوسانی پێك هاتوو لەبەر گران بوونی بەنزین لەم ساڵدا نرخی هەڵاوسان دەگاتە زیاتر لە ٣٠ لەسەد، واتە دوو بەرانبەری نرخی هەڵاوسان ساڵی ١٣٨٥. بەرەوسەرچوونی هەڵاوسان کە بە هۆی خەرجی رابردوو و سەنعەتی نەبوونی دەسەڵاتەوەیە، لە هەل و مەجێکدایە کە ئابوری وەڵات لەگەڵ نائەمنی سیاسی و فەسادی ماڵی بیٚ پێشوونە بەرەورووە. شەپۆلی نوی هەڵاوسان لەم کەش و هەوایە دا، بەرهەم هێنانی ناوخۆیی لەگەڵ گریٚ و گۆڵی زۆرتر بەرەورو دەکات. بەو حالە لە هەل و مەرجی ئێستا دا ناتوانریٚ بە ڕیٚ نوێنیەکانی بانکی جیهانی لەسەر(نرخە راستەکان) گرانتر کردنی نرخی بەنزین پاساوی بۆ بهێننەوە. کام سەرچاوەی کارناسی بانکی جیهانی دەتوانیٚ بەڵێن بدات کە (راستی نرخەکان) لە هەل مەرجێکدا کە مودیریەتی ئابووری گەورەی ئێران لەگەڵ مەسائیلی ئابووری وەڵات، پێوەندی ئاسایشی هەیە و لە فەزای شەڕ و وەزعی ئاسایی کە قازانج پەرەستی و فەسادی ماڵی دەزگا ئابوریەکانی ئێرانی گرتوتەوە، شوێنەواری بەکەڵکی ئابووری دەبیٚ. هەل و مەرجی هەڵاوسان کە بە هۆی ئەو هەنگاوە دەبێتە زیاد کردنی داهاتی کەمینەییێکی کەم یەك لەوان سەربازیەکان و بازرگان و تاجیرانی سەروە رژیم کە ئەوەش بە نرخی هەژار بوونی موچەخۆران تەواو دەبیٚ. بەڵام بە پێچەوانەی هێندێك بیروبۆچوونی کۆن، زیادبوونی داهاتی ئەو کەمینە نابێتە هۆی سەرمایەدانان. لەئابووری تیجاری ڕانتی ئێران و وەزعی ئاڵۆزی ئێستا بازرگانانی رژیم لەوە زیرەکترن، کە داهاتی خۆیان بخەنە داوی سەرمایەی راوەستاوەوە. لەو هەل و مەرجەدا رۆیشتنی سەرمایەکان و دابەزینی ڕادەی بەرهەم هێنان چاوەروان دەکریٚ. تەنانەت لە هێندێك وەڵات کە مودیریەت و ئابووری باشتریان لە ئێران هەیە. جیٚ بە جیٚ کردنی ڕاسپاردەکان بۆ ( بەراستی کردنی نرخەکان ) زیانی گەورەی بە دوا دا هاتووە. زیانی ئەو بڕیارە لە وەڵاتانی وەکوو مەکزیك لەساڵی ١٩٩٥، ئارژانتین لەساڵی ٢٠٠١، ئەندونیزی و مالیزی لەساڵی ١٩٩٧ سەلمێنەری ئەو راستیەن. جیاواز لەوە نیزامەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی یانی لە بارودۆخێکدا کە دەتوانریٚ بۆ لای ریفۆرم و ئابووری بازار بچیٚ کە ناتوانیٚ چاوەروانی ئەوە بێت کە ( بەراستی کردنی نرخەکان) پاشهاتی بە کەڵکی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبووە. سەرچاوەکانی بانکی جیهانی لەسەر ئەو بروایەن کە تەنانەت ئەگەر بارودۆخی بە کەڵکی سیاسی،کۆمەڵایەتی بۆ ئەنجامی ئەو ریفۆرمە ئابووریە ئامادە بکریٚ، ٣٠ ساڵ بەر لە بەرێوەبردنی ئەو سیاسەتانە تازە دەتوانریٚ چاوەروانیت هەبیٚ کە فەقیری بە تەواوی لەبەین چووە. یانی وەچەییێك دەبێت ببێتە قوربانی تا ژیان بۆ وەچەکانی داهاتوو مسۆگەر بێت.

### ب) زیانی کۆمەڵایەتی

بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوەکانی ناوخۆیی لە ئێستادا ٨٥لە سەدی ماشینەکان کە مەسرەفیان زۆرە لە دەست کەسانێکن کە لە چینی هەژاردان. یانی ئەو ئوتومبیلانەی کە بەنزین زۆر مەسەرەف دەکەن بە دەست چینی زیان پیٚ گەیشتوانی کۆمەڵگەن. هەر ئەو سەرچاوە ڕاپۆرتی داوە کە تاکسیەکانی بەنزینی و وانێت بارەکان و باقی ماشینەکانی بارکێشی بەنزینی و نیزك بە ١٥٠ هەزار ماشینی تایبەتی موسافیربردن لە تاران کار دەکەن و هاتووچووی ٧٥ لە سەدی خەڵکی تاران بەو ماشینانە ئەنجام ئەدرێت. لە باقی شارەکانی گەورەی ئیران ، ماشینی شەخسی موسافیرکێشی دەکەن. جیاواز لەوە(دەفتەری بەرنامەرێژی تەلفیقی نەووت) لە ڕاپۆرتی فەرمی خۆیدا لە بوونی ٦میلیون و ١٠٠هەزار موتورسیکلیت لە ئیران هەواڵی داوە. بە پێی هەواڵی هەواڵدەری فارس زۆریك لە ماتۆرە سکلیتەکان خەرجی خانەوادەکان دەردەهێنن بەشێوەیوەییێك کە نیزیك ١٥میلیون لیتر لە مەسەرەفی ڕۆژانەی ٧٥میلیون لیتر بەنزین لە ئیران واتە (٢٠لە سەدی مەسرەف) بۆ هاتووچی ئەو ماتۆرانە تەرخان کراوە. بەو پێیە دەبینین کە لە دابەش کردنی بەنزین بەشێوەی راستەوخۆ، ژمارەییێك لە هاووەڵاتیانی کەم داهات و زیان پیٚ گەیشتووی ئیران کە لە ڕێگەی موسافیرکێشی و بارکێشی ژیانیان دابین دەکەن، بێکار دەبن. بۆ تیٚ پەڕبوون لەو بارودۆخە، ژمارەییێك لە ئیرانیەکان لە سەروبەندی دابەش کردنی بەنزین بەکارتی هوشمەند، سەرقاڵی زەخیرە کردنی بەنزینن لە ماڵەکانیاندان.

# ڕاگەیەندراوی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەمەڕ کۆتایی هاتنی ساڵی خوێندنی ٨٥ ـ ٨٦

خوێندکارانی خۆشەویست

ماموستایانی زانستگە و قوتابخانەکان

ساڵی خوێندنی ٨٥ـ٨٦ بە رەنج و ماندووبوون و دەردەسەری زۆر و بوونی دەیان کێشەی جۆراوجۆر کۆتایی پێهات.

یەکێك لەکێشە سەرەکیەکانی ئێوە لە وەرزی خوێندنی رابردوو دا بوونی دەسەڵاتداری ئاخوندی و سیاسەت و رەفتاری دزێو و دژە مرۆڤانە و دژ بە زانست و پێش کەوتنەکان لە لایەن ئاخوندەکانەوە بوو. هەڵوێست و سیاسەتەکانی دەسەڵاتدارانی ئەو رژیمە لەبەرانبەر خوێندکاران و موعەلیمان و ئوستادانی دانشگاکان لەماوەی وەرزی خوێندنی ٨٥ـ دا،٨٦ دیکتاتۆرانە، غەیرە ئینسانی و دوور لە هەر رێوشوێنێکی باو لە جیهاندا بوو.

ماموستایانی مەدرەسەکان و ئوستادانی دانشگاکان لەگەڵ کەمی حقوق و دواکەوتنی وادەی وەرگرتنی ئەو حقوقە کەمەش بەرەورووبوون کە بەشی خەرجی مانگانەیان ناکات.

جیاواز لە پیٚ رانەگەیشتن و بیٚ ئیمکاناتی لەرادەبەدەر، لەگەڵ سەرکوتی هێزە ئەمنیەتیەکان بەرەورووبوون و کاتێکیش ماموستایان و خوێندکاران لەبەرانبەر ئەو گشتە کەمتەرخەمی و سەرکوتی دەسەڵاتداریدا دەستیان دەدایە ئیعتراز، بە بیٚ رەحمانەترین شێوە دەکەوتنە بەر ئازار و زیندانی کردن کە تا ئێستاش و بە دوای کۆتایی هاتنی وەرزی خوێندن ژمارەییێك لە ماموستایان و خوێندکاران لە زیندانەکانی رژیمی ئاخوندی دان.

دادگایی کردنی ماموستایان و خوێندکارانی شۆڕشگێر لە سەرانسەری ئێران دا دیاردەییێکی باوی دەسەڵاتداری بووە، لە کۆن تا ئێستا کە لە وەرزی خوێندنی رابردوو بە شێوەی بەرین تر بەرچاو کەوت.

هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیمی ئاخوندی و بەسیجی دانشجویی و ناوەندی بە ناو پارێزگاری لە دانشگا و مەدرسەکان بە کەیفی خۆیان و بە بیانووی جۆراوجۆر کەوتنە ئازار دانی خوێندکاران و ماموستاکان و ئوستادانی دانشگاکان.

چەندین خوێندکاری دانشگاە لەبەر ئەوەی رەخنەیان لە سیاسەت و هەڵوێستی رژیمی ئاخوندی بەرانبەر خوێندکاران و ماموستایان و ئوستادان و تێکرای روناکبیرانی گرتبوو، یان کەوتوونە زیندان و حوکمی قورسیان بەسەردا سەپێندراوە یان ئەوەی لە درێژەدان بە خوێندن دوور خراونەتەوە.

ماموستایان و خوێندکارانی بەرێز

وەرزی رابردووی خوێندن بۆ ئێوە لە وەرزە، پڕ لە دەردەسەرەکان بوو، کە شاهیدی چەندین روداوی تاڵ و تاقەت پرۆکێن هاتن. لێرەدا ئەوەی جێگەی خۆشیە ئەوەیە کە ئێوەی بەرێز بە ماندووبوون و خۆراگریتان لەبەرانبەر سیاسەتەکانی رژیم و دەستە و تاقمەکانیان لە مەدرسە و دانشگاکان دا توانیتان بەسەر زۆربەی ئەو کەندوکۆسپانە دا زاڵ بن و وەرزی خوێندن بەسەرکەوتووی تەواو بکەن و هەروەها توانیتان بە خەبات و بەربەرکانیٚ لەبەرانبەر رژیمی ئاخوندی و سیاسەت و بەرنامە دژە زانستیەکانی دا درێژە بە تێکۆشان بدەن و بە وەریٚ خستنی نارەزایەتی و مانگرتن، ئاخوندان و دەسەڵاتەکەیان بهێننە لەرزە.

ماندوو بوون و هەوڵی ئێوە ماموستایان و خوێندکاران و درێژەدان بە دەرس گووتنەوە و خویندن، جێگەی شانازیە و نارەزایەتیەکان لەبەرانبەر دەسەڵاتی ئاخوندی ووشیاری و دڵسۆزیتان بۆ نیشتمان و داهاتووی گەل دەردەخا. بە تایبەت ئازایەتی و نەبەردی ماموستایان و خویندکارانی کورد لە وەرزی خوێندنی رابردوو، جێگەی تەقدیر و پێزانینە، چونکە ماموستایان و خوێندکارانی کوردستان قورسایی ستەم و ئازاریان زیاتر لەسەر بووە و بە شێوەی بەربڵاوتر و بەبەرنامەتر چەوسێندراونەوە و سەرکوت کراون.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، درود دەنێریٚ بۆ ئوستادان و موعەلیمانی ماندویی نەناس و دڵسۆزی و خۆراگری خوێندکاران و دانشجویان بە گرینگ و چارەنووس ساز دەزانیٚ، لەبەرەوپێش چوونی کۆمەڵگا و لە خەباتی شۆڕشگێرانە و ئازادیخوازانە بەرانبەر رژیمی ملهۆری ویلایەتی فەقێە.

پیرۆز بیٚ سەرکەوتن و چوونە پێشی خوێندکاران و دانشجویان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە.

سڵاو بۆ ئوستادان و موعەلیمانی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر و رزگاریخواز.

بروخیٚ رژیمی دواکەوتووی ویلایەتی فقیە

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران
٢٩ی جۆزەردانی ١٣٨٦